# کامیل ژیر لە دەفتەری نەمری دا ١٩٣٤-٢٠٢٤

هەڵۆ بەرزنجەیی ٥/٥/٢٠٢٤

## ‘‘هەستی هاوبەش شاکۆڵەکەی بوونی نەتەوەیە‘‘




نەمریی ، نەمر بوون بیر و کردە و ئاکام دەیخوڵقێنێ ..کەسێکی خاوەن بیر و بەهرە و داهێنان، کەسێکی دڵسۆز و مۆراڵ بەرز یاخود لە ئاکامی خەبات و تێکۆشانێکی دڵسۆزانەی بێ نیاز مرۆ دوای ماڵئاوایی لە ژیان نازناوی نەمریی بەدەست دێنێ .!

بۆ ڕۆڵەی نەتەوەیەکی بندەست و نیشتمانپەروەێکی دروست خزمەتی نەوە و خاک و تێکڕای مرۆڤایەتی و ژیاریی پیرۆزترین جۆری ئەو نەمرییە بەدەست بهێنێ.. زۆربەی نەمرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی لەم ڕیزەدا جێیان گرتووە..کە

کامیل ژیر ،یەکێکە لەو کەسایەتییانەی لێرەدا جێی دەبێتەوە.. پیاوێک لە خێزانێکی نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیر و ئەدەبدۆست، بە درێژایی ٧-٨ دەیە لە هەمان کایەدا تا دواهەناسەی ژیان ئامادەیی هەبووە ..

**کردەم جێی داخ نییە کوردایەتی (قۆناغ) نییە**

**ئامانجێکە نەمروپیرۆز مەشخەڵێکە بۆ گەل و هۆز**

**فەلسەفە و باوەڕ و بیرە ڕێگەی پیاوی داناوژیرە**

شاعیر و ئەدیب ، نووسەر و هونەرمەند و ڕۆژنامەوان، خاوەن هزر و بیریی ڕۆشنی کوردایەتی و بەتەمەنی٨٠ساڵیش وەک هەلووک بۆ کاروخزمەتی کوردایەتی دەپەڕی.

لەم نووسینەدا بایی ڕێزلێنان لەو تەمەنە دووررودرێژەی تەرخانی کرد بۆ بیروباوەڕ و ڕێباز و سەرجەم هزر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بە خێرایی ئاوڕ لە وێستگەکانی ژیانی دەدەینەوە و مەڵۆیەکیان پێشکەش دەکەین.

**" کە هەستم کرد کوردم، سۆزیشم ئەبێ بۆ نەتەوە و نیشتمان، ئەگەرچی نیشتەجێی وڵاتێکی دووریش بم لە نیشتمانەوە یا کەوتبمە کونجێکی ئەوتۆوە کە جگە لەخۆم کوردی تری لێ نەبێت لە نزیکبوونەوەشەم لە نیشتمانەوە سۆزەکە زیاتر ئەبێ‘‘ .**

ژیر لە بنەماڵەیەکی دیار و ڕۆشنبیریی سلێمانی لە ساڵی ٢٠,١٢,١٩٣٤ دایک بووە لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنبیر فازیلی برای نووسەر و شێخ سەلامی شاعیر خاڵی باوکی و هەوری مامی شاعیری دیار بوون . لە خوێندندا زانکۆی بەغدا بەشی یاسای تەواو کردووە، بۆ خوێندنی زیاتر ڕووی لە هەندەران کردووە و بەهۆی چالاکی سیاسییەوە ناتوانێ درێژە بداتە خوێندن.

**چەند خۆشە وەک مەشخەڵێ پیاو بسووتێ بۆ ڕێی گەلێ**

**چەند شادییە باوەڕکردن بە ژیانی بۆ ژین مردن**

**"هەموو نەتەوایەتیەکیش تەنیا هەست و سۆزە کاتێ ئەم هەست و سۆزە ئاوێتەی کۆمەڵێک بیرۆکەی لەگەڵ یەکتری گونجاودائەبێ بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو لە پێناوی ڕاژەی نەتەوەدا ئەوسا هەست و سۆزەکە ئەبێتە بیروباوەڕ.."**

ساڵی پەنجاکان لە ڕۆژنامەی ژین بەشداریی پێشبڕکێیەکی شیعری لەسەر بەهاری کوردستان دەکات و خەڵاتی یەکەم بەدەست دێنێ.. اری ڕۆژنامەوانی و هونەرییشدا بەشدار بوو لە ماوەی گۆڤاری هیوا ١٩٥٧-١٩٥٨دەرکردوو ە و لە شانۆی وەک ئەکتەر و دەرهێنەر و شانۆنووس بەشداری کردووە. بۆ خۆیشی ساڵێ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بەشی شانۆ و دەرهێنان خوێندوویەتی ..لە ڕادیۆی بەغدا کاری کردووە و بەرنامەی لە (هەر تەلەی دەنگێ) ی پێشکەشکردووە.. لەگەڵ شەماڵ سائیب و ئەحمەد دەنگ گەورە و تایەر تۆفیق ( کۆمەڵەی ئاوازی کوردی) دامەزراندووە...

زۆربەک شاعیرە گەورەکانی کوردی دیوە پیرەمێرد، بێکەس، زێوەر، گۆران، هەردی، هەژار،هێمن، تێکرای کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانیش شاکیر فەتاح، مام جەلال ،کەمال فوئاد ، مەسعوود محەمەد،ڕۆژبەیانی، سەجادی. ماوەیەکیش سەرۆکی کۆمەڵەی یاساناسانی سلێمانی بووە. سەرپەرشتی ڕۆژنامەی سەربەخۆیی پاسۆکی لە نێوان١٩٩١-١٩٩٣ کردووە..

**ئێمەی کورد ئێمەی کورد　　　گەلێکین بێ زیان**
**دۆستی گشت میللەتان　　　بۆ ئاشتی و ئاسایش**
**گۆرانی و ستایش　　　ئەبێژین هەموومان**

شیعرەکانی: نەتەوەیی و کوردایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دڵدارین ، دیوانی یەکەمی ڕەهەندی فیکریان تێدا بەدی دەکرد ! . لە بەرگی هەموو بەرهەمەکانیدا وێنەی خۆر وەک سیمبولێکی ئاڵای کوردستان و میتۆلۆژیای کوردی بەرچاو دەکەوێت..

لە حیزبی شیوعی، کاژیک، پاسۆک، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ، کۆمەڵەی هەاوبیرانی کوردایەتی کاری کردووە و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.. خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمی ئەدەبی و سیاسییە [[ کوردایەتی و جوانی، کۆی شیعرەکانێتی، کوردایەتی کۆمیدیای گەندەڵی،گەورەپیاو/ سۆپەرمان چوار دەقی شانۆنامەیی ناوازەیە، ئافرەت و نوشتە، نازەنین، بەشیر موشیر، کوردایەتی و سەربەخۆیی، کوردایەتی بیر و بزاڤە، یادەوەرییەکانم، افکار]] بە زمانی عەرەبی...

وتار و چاوپێکەوتنی زۆرە و بەندەش چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا ئەنجام داوە بە ناوی (( پرسیارەکان هێشتا تینووی وەڵامن))٦٢ پرسیارە و بە شێوەی کتێبی ئەلەکترۆنی هەیە و لینکەی دەدەنێم.

**ئەمرۆ ئەبینم نیشتمان　　　وەک گوڵاڵەی بەهاری جوان**
**کوڵمی سوور چاوی گەشە　　　تومەز بیرێکی بێ خەوشە**
**تیا بڵاوە و ئەڵێ دەی زوو　　　بۆ کوردستانی یەکگرتوو**

لەنێوان ساڵانی١٩٤٨-١٩٥٨ لە ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا کار دەکات، تووشی زیندان و چەرمەریی زۆر دەبێتەوە، دواتر لەسەر پرسی نەتەوەیی و جیاوازی جیهانبینی واز دەهێنێ و بیروباوەڕیی نەتەوەیی بەهێز دەبێت و بەرەو گەشبونەوەی زیاتر هەڵدەچێ!.. لە ئەنجامی چەند جموجوڵێکی سیاسی و فیکری و ئاڵوگۆری بیروڕاکان سەرەتا لە دوکانەکەی بەشیر موشیر( ئوستاز) بە جەمال نەبەز ئاشنا دەبێ، بیروڕا دەگۆڕنەوە و زۆر لێک نزیک دەبنەوە ، ئینجا لەگەڵ هەر یەک لەجەمال نەبەز و فەرەیدون عەلی ئەمین و عەبدوڵا جەوهەر و فوئاد عارف و ئیحسان فوئاد دا لە ١٩,٤,١٩٥٩ **[[کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد]]** دروست دەکەن کورتکراوەی **{{کاژیک}}** و دروشمی بە کوردستان بۆ کورد و یەکسانی بۆ گەل دادەمەزرێن .

**"کوردایەتی هەست و سۆز و بیروباوەڕ و خەبات و بزووتنەوەی کوردە لە پێناوی بەرگریکردن لە کوردستان و لە بوونی نەتەوایەتیی کورد وڕزگاربوون و یەکپارچەیەتی کوردستان و سەربەخۆیی و ئازادی و بەختیاریی نەتەوەی کورد"..** شایانی وتنە بیرۆکە و ناوی کۆمەڵەکە دەسپێشخەریی ژیرە..

دوای ماوەیەکساڵی ١٩٦٠دیوانێکی شیعر بە ناوی (کوردایەتی)،بیروباوەڕمانە' ئامانجی نزیک و دوورمانە بڵاو دەکاتەوە، لەم ڕێگایەوە دەیەوێ لە دروشم و ڕێبازی کاژێک بەرجەستە بکات و بیداتە ناسین و گوزارشتی بکات.پێشەکی دیوانەکەش لەلایەن جەمال نەبەزە نووسراوە...

ئەو سەردەمە بارگاوییە بە بیروباوەڕی جۆراوجۆر بەتایبەت دوای ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایی لە عێراق و هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم کە نزیک بوو لە کۆمۆنیست و شوورەوییەوە کۆمۆنیستی لە هەڵکشان و فراوان بووندا بوو. پەیامەکەی لەلایەن بەرەیەک لە چەپ و کۆمۆنیستە کوردەکانی ناو پارتی کومۆنیستی عێراق ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە .

حەمەی مەلا کەریم لە دیدی حیزبەکەیەوە بەرهەمەکەی ژێر دەداتە بەر ڕەخنە بە نامیلکەیەک  هەرایەک باشتر بڵێم بێنەوبەرەیەک دروست دەبێت کەسێک بە ناوی زەردەشت وەڵامێکی توندی حەمەی مەلا کەریم دەداتەوە. دواتر دەردەکەوێ زەردشت خودی جەمال نەبەزە.. ئیدی هێڵە فیکرییەکان لەبەر ئەوەی زۆر لێک دوور بوون لە کەشێکی دڕندوکاویدا لەگەڵ یەکتر دەمێننەوە...

**پێم ئەڵێی خاڵۆ گوایە من پیرم          ژارا و نەشتەر ئەدەیت لە بیرم**
**من نەخاڵۆم و نەخاڵۆ منم          دێوانەی خاڵی گۆنا و گەردنم**
**ئاوێنەی دڵم خاڵی تۆی تیابێ          شاڵاوی پیری با بەڕووما بێ**
**من هەر مناڵم و گڕوگاڵ ئەکەم          داوای مژینی گۆنا و خاڵ ئەکەم**

دواتر بۆخوێندن و چالاکی سیاسی لە ڕێی تورکیاوە ڕوو دەکاتە ئەوروپا، لەوێ بە کوردەکانی ئەستەنبوڵ ئاشنا دەبێ و بەتایبەت **موسا عەنتەر** و هەوڵ دەدەن پێکەوە ڕێکخراوێکی نەتەوەیی دروست بکەن.. دوای ئەوە رادیۆیەکی کوردی لە فەرەنسا بە هەوڵی میر کامەران بەدرخان دادەمەزرێ، لەڕێی جەمال نەبەزەوە داوا لە ژێر دەکرێ کە ئەزموونی کاری ڕادیۆی هەبوو بێت سەرپەرشتی ئەو پرۆژەیە بکات ..

**“من کە ئەڵێم کوردم واتە هەست ئەکەم لە نەتەوەیەکم کە پێی ئەوترێ کورد ئەم هەستکردنە یەکەم پاڵپشتی نەژادنامەی نەتەوایەتیمە.“**

ژێر بە نهێنی درێژە بە خەباتی کاژێکانەی دەدات و بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە .

**“ئەگەر بیروباوەڕ باری سەرنجی بۆ دیاریکرا بەرانبەر بە جیهان و ژیان و کۆمەڵ و ئابووری و ئەودیو سروشت و .. هتد و وای لێکرا بۆ کارکردنێکی بەکۆمەڵ دەست بدات، پێی ئەوترێ ئایدۆلۆجی“.**

**گەلێ ئازادیی لە یاد و بیر بێ          خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ**
**بەشیر موشیر بێ، کامڵ و ژێر بێ          بۆ کوردستانی قەڵغانی شیر بێ**
**ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات          سەربەخۆ هەڵکا بەیداخی وڵات**

ئەگەر بێت و ژیانی کامیل ژێر بە هێڵێکی بەیانی بچوێنین دەبینین بەردەوام بزێو و چالاک بووە و بەو بیر و ڕێبازەی خۆی هەوڵی داوە باشترین و زیاترین خزمەت بە نەتەوە و نیشتمانەکەی بکات.. لەم سەرەڕێیەشدا گیروگرفت و دەردیسەریی اتۆتە پێش، لێ کۆڵی نەداوە و دەستبەرداری تێکۆشان نەبووە.. لە کۆتایی تەمەنی کارێکی باش و جوان بوو، لە کۆمەڵێ لایەنەوە ڕێزی لێ گیرا .. بەهەر نرخ و پێوەرێک هەڵیسەنگێنی کەسایەتیەکی دڵسۆز و ماندوونەناسە و بە دڕێژایی تەمەنی لەگەڵ ژان و ئازاری نەتەوەکەیدا بووە..

بۆ خۆیشی پیاوێکی بە ئەمەکە، لە شاگردانی ئوستاز ئەم زیاتر لە هەمووان شتی لەسەر نووسیووە... شیعری بۆ هاوبیرەکانی(( بەشیر موشیر و جەوهەر و هەردی و ئیحسان فوئاد و شاکیر فەتاح و دیلان و فەرەیدون عەلی ئەمین ، سەعید گەوهەر، کامەران موکری و شەماڵ و جەمال نەبەز و فەرهاد پاڵەوان و فریاد حەسەن و کاکەوەیس )) نووسیووە..

**کاکی برا هۆ خوشکی کورد          لەهەرکوێ هەی شەنی یا گرد**
**وەرە تۆزێ گوێی پیاوەتی          شلکە بۆ لای کوردایەتی**

کامیل ژێر، تا ڕۆژانی کۆچی دوایی یادەوەریی بەهێز و تیژ بوو، باس و ڕووداوەکانی لەبیر مابوو. مەخابن بەم خەرمانە دەوڵەمەندەوە وەک دوا سیمبۆلی حەوتەوانەی دامەزرێنەری کاژێک ڕۆژی

٣٠,٤,٢٠٢٤ دوا ماڵئاوایی لێ کردین و ڕۆحی بۆ لای هاوبیرەکانی بە ئارامی پەرواز بوو ..وەلێ پێشوەخت گفت و پەیمانی جەنتڵمانانەی پێداین لەو دنیاش بۆ کورد تێهەڵچێتەوە..